# کوا رووفاتی ئەنفالی ناوچەکانی دی؟؟؟

**عومەر جەلال**

omerjelal@yahoo.com



ماوەیەك لەمەوبەر فیلمێکی دۆکیومێنتی نیشاندرا لە کەناڵی (الحرة ) کە تایبەت بوو بە گەڕان بەدوای رووفاتی ئەنفالی (بەرزانییەکان) کە لە لایەن رۆژنامە نووسێکی ئەمەریکیەوە ئامادەکرابوو فیلمەکە بە سەرپەرشتی (د. محمد ئیحسان) وەزیری مافی مرۆڤی ئەوسا ,لەسەرەتای دەست پێکردنییەوە باسی لە پرۆسەی ئەنفال کرد هەتا گەیشتە زیندانەکانی نووگرەسەلمان وگەڕان بە دوای گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا.

هەر کەس ئەو فیلمە دۆکیومێنتەی بینیبێت دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازییەکی تەواو کراوە لە نێوان ئەنفالی (بەرزانییەکان) و ئەنفالی گەرمیان و ناوچەکانی دی,ئەمە ناکاتە ئەوەی لەگەڵ ئەوەدا نەبم بۆ رووفاتی (بەرزانیەکان) هێنرانەوە, وەلێ کێشەکە لەوەدایە بۆ بازدرا بە سەر گۆڕی سەرجەم ئەنفالەکانی دیکەدا وەك لە فیلمەکە نیشاندرا کە مەبەستی سەرەکی تەواو لەوە بوو تەنیا ئیشکردن بێت لەسەر دۆزینەوەی ئەنفالی (بەرزانییەکان ) و فەرامۆشکردنی ئەنفالی ناوچەکانی دی کە خاوەنی زۆرترین ئەنفالن,دەبوو دەسەڵاتی کوردی و ئەو پەرلەمانە نووستووە کە ئاگای لەهیچ کوژان و ئازاری قوربانییەکان نییە بێدەنگ نەبووایە لەوەها جیاوازییەك لە نێوان ئەنفالەکان.

هەروەك لە فیلمەکە نیشان درا (د. محمد ئیحسان) پارەیەکی زۆری دەبەخشیەوە بەخەڵکی نزیکی نووگرە سەلمان بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لەگەڕان بەدوای گۆڕەکاندا,وەك و بینیمان چەند کەسێکی عەرەبی شارەزا لەنزیك نووگرەسەلمان و ئەو بیابانەی کە رووفاتی ئەنفالی لێ بوو بە پارەیەکی زۆر (د. محمد ئیحسا ن) وهاورێکانی توانیان زۆرێك لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدەنەوە,لەکاتێکدا نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە لە پاش هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر توانرا بگەنە ئەنجامێك ,دیارە ئەمە زۆر جێگای دەست خۆشیە کە کارێکی زۆر مرۆڤانەیە بۆ کەسانی خاوەن قوربانییەکان ,وەلێ ئازارەکە لەوەدایە کە هەموو دەزانین کە هەموو شتێك لای حیزبە کوردیەکان بەشکرابوو تەنیا ئەنفال مابوو ئەویش جیاوازییەکی زۆر کرا بۆ بێنرخ کردنی بە پێی دابەشبوونی ناوچەکان.

من دەپرسم ,ئایا پێش وەخت ئەم گرووپەی بەنیازی هێنانەوەی ئەو رووفاتانە بوون هیچ بەڵگەیەکیان هەبووە لە وەی کە رووفاتی (بەرزانییەکان) لەوێدابوون؟ یان تەنیا لە سەرکردایەتی پارتیەوە بودجەیەکی خەیاڵی بۆ دابین کرا ؟ ئەگەر مەبەستی سەرەکیان گەڕان بووبێت بەدووی رووفاتی ئەنفالەکان ئەی بۆ چی هیچ رووفاتێك لە ئەنفالی گەرمیان و ناوچەکانی دیان نەهێنایەوە؟ ئەگەریش زانیاریان هەبوو بێت ئەی بۆچی کۆمەڵێك عەرەبی خەڵکی ئەو ناوچانەیان برد بۆ دۆزینەوەی بە پارەیەکی زۆر ,راستە ماندوو بوونی (د. محمد ئیحسان) و هاورێکانی تا درەنگی شەو مانەوەیان هێمایەکە بۆ دڵسۆزی ئەو کەسە کاتێك کە وەزیری مافی مرۆڤ بوو.

ئیدی ساتی ئەوە هاتووە لە ئێستاوە بێدەنگ نەبین لەئاست جیاوازییەکانی ئەم حیزبانە کردوویانە بەرانبەر بە قوربانییەکان ,هەموو ناوچەیەکیش مافی خۆیەتی داوای رووفاتی ئەنفالەکان بکات چونکە هەموومان دەزانین کە گەرمیان و چەمچەماڵ زۆرترین رێژەی قوربانیان هەیە لە پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفالدا,دەکرێت خەمی ئەنفال خەمێکی نەتەوەی بێت بێ جیاوازی حیزبایەتی و گرنگی بەو ناوچانە بدرێت کە لە دۆخێکی وێران بووندا دەژێت,

درووست کردنی مۆنمێنت یان هەر هێمایەك بێت بۆ پێشاندانی خەمی ئەنفال و بە پرۆگرامکردنی وانەی ئەنفال لە پەروەردەدا ئەرکێکی گەورە و گرنگە بۆ ئاشنا بوونی نەوەی نوێ بە ناساندن و تێگەیشتن لە چەمکی ئە نفال (بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی و ئاماری تەواو) نەك وەکو ئەو ووتارە کرچ و کاڵانەی تەنیا لە یادی ئەنفالدا دەنووسرێت, خەمی ئەنفال خەمێکی گشتیە نەك تەنیا کورد بەڵکو دەیان نووسەری عەرەب و ئەوروپی قسەی خۆیان لەسەر پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال کردووە و بەکارێکی قێزەوونیان داناوە ,

بۆ ئەوەی ئەنفال وەك جینۆساید بناسرێت و ببێتە شوناسێك بۆ بوونی کورد,ئەوە گەورەترین کارەساتە تا هەنووکە حیزبی کوردی نەیتوانیووە وەك رێکخراوی چاك و چەند رێکخراوێکی دی ئازاد و ئاکتیڤ بێت لە ناساندن و گەورەکردنەوەی چەمکی ئەنفال,

نیشاندانی فیلمێکی دۆکیومێنتی وەك ئەو فیلمەی کە لەم ماوەیەدا نیشاندرا تەواو ئەوەی پێووتین ئەنفالیش وەکو هەموو داهات و کورسیەکانی حیزب ئەگەری دابەش بوونی هەیە.